ژمارە: ٥٠٥
ڕێکەوت: ٨/ نەورۆز/ ٢٧٢٢ ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٢٨/ ٣/ ٢٠٢٢

## بڕیار

لەژێر ڕۆشنایی حوکمەکانی هاتوو لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١)، پەیڕەوی ناوخۆی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١١)، بڕیاری ژمارە (٣٧٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٨) تایبەت بە پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باجی ڕێکخراوەکان لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و نوسراوی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٤٤٨) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٣/١٧) سەبارەت بە پێداچوونەوە بە شێوازی وەرگرتنی باج لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گەنجینەی گشتی و مافی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە:

١- هیچ ڕێکخراوێک لە هەرێمی کوردستان ( بیانی و عێراقی و کوردستانی) باج نادات بە پێی ماددەی (١٤) بڕگەی چوارەم لە یاسایی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١) کە تیایدا هاتووە (داهات و موڵک و دارایی ڕێکخراوەکان لە باج و ڕەسمی گومرگی دەبەخشرێن).

٢- خودی ڕێکخراوی ناحکومی دۆسیەی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج ناکاتەوە بەڵکو کارمەندانی ڕێکخراوەکان بە پێی بڕگەی (چوارەم/٤) لە ماددەی (٤) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (٢٠) ساڵی (٢٠١١) هەموارکراو، ئەگەر موچەکانیان لە ملیۆنێک دیناری عێراقی زیاتر بوو لە (٥٪) سەدا پێنج باج دەدەن.

٣- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لیستی موچەی ئەو کارمەندانەی کە لە ڕێکخراوەکان کاردەکەن و موچەکانیان لە ملیۆنێک دیناری عێراقی زیاترە هەموو ساڵێ جارێک پشتڕاست دەکاتەوە و مۆری بەڕێوبەرایەتی دارایی/ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لێدەدرێت و ڕەوانەی دەکات بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی باج بۆ ئەوەی دوای دڵنیا بوونەوە ڕێژەی ٥٪ لە موچەکانیان وەک باج لێوەربگرێت، هەروەها گشت کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەوانەی لێبڕینی باج دەیانگرێتەوە دەبێت سێ مانگ جارێک واتا بە شێوەی وەرزی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج بکەن بەمەبەستی لێبڕینی ڕێژەی دیاری

ژمارە: ٥٠٥
ڕێکەوت: ٨/ئادار/٢٧٢٢ ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٢٧/ ٣/ ٢٠٢٢

کراو بەگوێرەی میکانیزمی پەیرەو کراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج.

٤- گشت ئەم ڕێکخراوانەی تۆمارکراون لە هەرێمی کوردستان ڕێکخراوی قازانج نەویستن و داهاتەکەیان نابەشنەوە بەسەر ئەندامەکانیان، ئەگەر بە ڕێوبەرایەتی گشتی باج لە ڕێگای لێژنەکانیان بۆیان دەرکەوت لە هەر ڕێکخراوێک قازانج ویستە ئەوا فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لێ ئاگادار دەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێکاری یاسایی لەدژی بگرێتەبەر.

٥- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لیستی ئەو کارمەندانەی کە لەڕێکخراوە ناحکومیەکان کاردەکەن و لێبڕینی باج دەیانگرێتەوە ئەوا زانیاریەکانیان ئاڕاستەی بەڕێوبەرایەتی گشتی باج دەکات بەمەبەستی وەرگرتنی باج بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج میکانیزمێکی ڕێکخراوی هەبێت بۆ ئەو کارمەندانەی کە لێبڕینی ڕاستەوخۆ دەیانگرێتەوە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی و مامەڵەی کۆمپانیاکانیان لەگەڵدا نەکات. هەروەها ئەگەر بەڕێوبەرایەتی گشتی باج بۆی دەرکەوت کە کارمەندانی ڕێکخراوێکی دیاری کراو لێبڕینی باج دەیانگرێتەوە و خۆیان دەشارنەوە لە لێبڕینی باج ئەوا پێویستە بەڕێوبەرایەتی گشتی باج فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی پێویست.

لەگەڵ ڕێزدا...

بارزان ئەکرەم مەنتک
سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
٢٠٢٢/٣/٢٧

وێنەیەک بۆ:

- ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کارگێری، بۆزانین، لەگەڵ ڕێزدا.